سوره 26: الشعراء

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

طسم (1)

سەرنجی سەرەتای سوورەتی (البقرة) بدە.

تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْمُبِينِ (2)

ئەم (سوورەتە) لە ئایەتەکانی کتێبی (قورئانی) ئاشکراو ڕونن.

لَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَّفْسَكَ أَلَّا يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ (3)

(ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) خەریکیت لە داخ و خەفەتدا خۆت دەفەوتێنی (کاتێ کە دەبینی خوانەناسان) باوەڕ ناهێنن.

إِن نَّشَأْ نُنَزِّلْ عَلَيْهِم مِّن السَّمَاء آيَةً فَظَلَّتْ أَعْنَاقُهُمْ لَهَا خَاضِعِينَ (4)

خۆ ئەگەر بمانەوێت (معجزة)یەکیان لە ئاسمانەوە بۆ دادەبەزێنین ئەوسا بەردەوام گەردنیان بۆی ملکەچ و زەلیل دەبێت.

وَمَا يَأْتِيهِم مِّن ذِكْرٍ مِّنَ الرَّحْمَنِ مُحْدَثٍ إِلَّا كَانُوا عَنْهُ مُعْرِضِينَ (5)

هیچ یادخستنەوەو ئامۆژگارییەکی گویا لەخوای میهرەبانەوە بۆیان نەهاتووە، کە پشتی تێنەکەن و سەرپێچی لێ نەکەن.

فَقَدْ كَذَّبُوا فَسَيَأْتِيهِمْ أَنبَاء مَا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُون (6)

بێگومان ئەوانە (بەرنامەی ئێمەیان) بەدرۆخستەوە، لە ئایندەیەکی نزیکدا هەواڵی هەموو ئەو سەرئەنجامەیان پێ دەگات، کە گاڵتەیان پێی دەهات.

أَوَلَمْ يَرَوْا إِلَى الْأَرْضِ كَمْ أَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ (7)

ئایا سەرنجی زەوی نادەن و لێی وردنابنەوە، چەندەها جووت گژوگیاو ڕووەکی هەمەجۆرو جوان و ڕازاوەمان تیا ڕواندووە.

إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ (8)

بەڕاستی ئا لەوەدا بەڵگەو نیشانەی (بەهێز هەیە لەسەر دەسەڵاتی خوای پەروەردگار) کەچی زۆربەیان باوەڕ ناهێنن.

وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ (9)

بەڕاستی پەروەردگاری تۆ (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم، ئەی ئیماندار) باڵادەستە (بەسەر کافراندا) بەسۆزو میهرەبانیشە (بە ئیمانداران).

وَإِذْ نَادَىٰ رَبُّكَ مُوسَىٰ أَنِ ائْتِ الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (10)

(بیریان بخەرەوە) کاتێ کە پەروەردگارت (لە لاپاڵی کێوی طوردا) فەرمانیدا بە موسا کە بچێ بۆلای قەومی ستەمکارو ستەم پیشە.

قَوْمَ فِرْعَوْنَ أَلَا يَتَّقُونَ (11)

قەومی فیرعەن.. وە پێیان بڵێ: (ئایا لە سەرئەنجامی کارو کردەوەیان ناترسن و) لەخوا ناترسن؟

قَالَ رَبِّ إِنِّي أَخَافُ أَن يُكَذِّبُونِ (12)

موسا وتی: پەروەردگارا من دەترسم بە درۆم بخەنەوەو بڕوام پێ نەکەن.

وَيَضِيقُ صَدْرِي وَلَا يَنطَلِقُ لِسَانِي فَأَرْسِلْ إِلَىٰ هَارُونَ (13)

وە تەنگە نەفەس و سینە تەنگ بم و زمانم پاراو نەبێ، (بەڵکو) پەیام بە هاروونی (براشم) بنێریت تا (هاوکاریم بکات و یاریدەدەرم بێت).

وَلَهُمْ عَلَيَّ ذَنبٌ فَأَخَافُ أَن يَقْتُلُونِ (14)

بێگومان من گوناهێکم کردووە دژیان (کاتێ بە هەڵە قبطی یەکەم کوشت) من دەترسم بمکوژنەوە.

قَالَ كَلَّا فَاذْهَبَا بِآيَاتِنَا إِنَّا مَعَكُم مُّسْتَمِعُونَ (15)

خوا فەرمووی: نەخێر (ناتوانن بتکوژن) بڕۆن هەردووکتان هاوڕێ لەگەڵ (معجزة)کانماندا، ئێمە گوێمان لە گوفتاریانەو هەموو شتێک دەبیستین و (دەتانپارێزین).

فَأْتِيَا فِرْعَوْنَ فَقُولَا إِنَّا رَسُولُ رَبِّ الْعَالَمِينَ (16)

بچن بۆلای فیرعەون و بڵێن: ئێمە (هەردووکمان) پێغەمبەری پەروەردگاری جیهانەکانین.

أَنْ أَرْسِلْ مَعَنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ (17)

(داوات لێ دەکەین) کە دەستبەرداری نەوەی ئیسرائیل ببیت و ئازادیان بکەیت با لەگەڵ ئێمەدا بن.

قَالَ أَلَمْ نُرَبِّكَ فِينَا وَلِيدًا وَلَبِثْتَ فِينَا مِنْ عُمُرِكَ سِنِينَ (18)

(کاتێ کە موساو هاروون پەیامی خوایان گەیاند، فیرعەون بە موسای) وت: (ئەمە پاداشتی پیاوەتیتە) ئایا ئێمە بە منالّی بەخێومان نەکردیت؟ چەندەها ساڵی تەمەنت لەناوماندا نەبردەسەر؟

وَفَعَلْتَ فَعْلَتَكَ الَّتِي فَعَلْتَ وَأَنتَ مِنَ الْكَافِرِينَ (19)

ئەوەشت کرد کە کردت (مەبەستی کوشتنت قبطی یەکەیە) دیارە کە تۆ لەڕیزی ئەو کەسانەدایت کە ناشکورن و پاداشتی پیاوەتی نازانن.

قَالَ فَعَلْتُهَا إِذًا وَأَنَا مِنَ الضَّالِّينَ (20)

موسا وتی: (ڕاستە) بەڵام ئەو کاتە سەرلێشێواو بووم، (وەک ئێستە بەرچاوم ڕوون نەبوو).

فَفَرَرْتُ مِنكُمْ لَمَّا خِفْتُكُمْ فَوَهَبَ لِي رَبِّي حُكْمًا وَجَعَلَنِي مِنَ الْمُرْسَلِينَ (21)

ئەوەبوو کە لەدەست ئێوە هەڵاتم کاتێك کە ترسام (لەسەر کوشتنێکی هەڵە بمکوژنەوە) ئیتر پەروەردگارم دانایی پێ بەخشیوم و کردوومی بە یەکێ لە پێغەمبەران.

وَتِلْكَ نِعْمَةٌ تَمُنُّهَا عَلَيَّ أَنْ عَبَّدتَّ بَنِي إِسْرَائِيلَ (22)

ئەو (بەخێوکردنەشم) نازو نیعمەتێک نیە کە منەتم بەسەردا بکەیت (چونکە بەهۆی ستەمی ئێوەوە بووە) چونکە تۆ نەوەی ئیسرائیلت کردۆتە بەندەی خۆت و زەلیلت کردوون.

قَالَ فِرْعَوْنُ وَمَا رَبُّ الْعَالَمِينَ (23)

(ئینجا فیرعەون) وتی: باشە پەروەردگاری جیهانەکان کێیە؟ (کە تۆ خۆت بە فرستادەی ئەو دەزانیت).

قَالَ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا إِن كُنتُم مُّوقِنِينَ (24)

موسا وتی: پەروەردگار (بەدیهێنەری) هەموو ئاسمانەکان و زەوی و هەرچیش وا لە نێوانیاندا هەیە ئەگەر ئێوە (بڕوا دەکەن) و دڵنیا دەبن.

قَالَ لِمَنْ حَوْلَهُ أَلَا تَسْتَمِعُونَ (25)

(فیرعەون بە لەخۆباییبونێکەوە) بەوانەی دەوروبەری وت: خۆ گوێتان لێیە (چەندە قسەکانی گەورەیە).

قَالَ رَبُّكُمْ وَرَبُّ آبَائِكُمُ الْأَوَّلِينَ (26)

(موسا ڕووی کردە خەڵکەکەو) وتی: (خوای جیهانەکان) پەروەردگاری ئێوەش و پەروەردگاری باوانی دێرینیشتانە.

قَالَ إِنَّ رَسُولَكُمُ الَّذِي أُرْسِلَ إِلَيْكُمْ لَمَجْنُونٌ (27)

(فیرعەون بە گاڵتە پێ کردنەوە) وتی: بەڕاستی (وادیارە) ئەو پێغەمبەرەی کە بۆ ئێوە ڕەوانەکراوە شێتە!!

قَالَ رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَمَا بَيْنَهُمَا إِن كُنتُمْ تَعْقِلُونَ (28)

موسا وتی: پەروەردگاری خۆرهەڵات و خۆرئاواو هەموو ئەو شتانەشە کەوا لە نێوانیاندایە ئەگەر عەقڵ و بیروهۆشتان بخەنە کار!!

قَالَ لَئِنِ اتَّخَذْتَ إِلَهًا غَيْرِي لَأَجْعَلَنَّكَ مِنَ الْمَسْجُونِينَ (29)

(فیرعەون هەڕەشەی کردو) وتی: ئەگەر جگە لەمن کەسێکی تر بکەیتە خوای خۆت دەتخەمە ڕیزی بەندکراوەکانەوەو زیندانیت دەکەم.

قَالَ أَوَلَوْ جِئْتُكَ بِشَيْءٍ مُّبِينٍ (30)

(موسا بە هێمنی) وتی: باشە پێت چۆنە (بەڵگەو) شتێکی ئاشکرات پیشان بدەم (لەسەر ڕاستگۆیی خۆم).

قَالَ فَأْتِ بِهِ إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ (31)

(فیرعەون) وتی: ئادەی بزانم (کوا) بیهێنە مەیدان ئەگەر ڕاست دەکەیت!!

فَأَلْقَى عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ (32)

ئەویش خێرا گۆچانەکەی فڕێداو بوو بە مارێکی گەورەی ئاشکرا (فیرعەون و دانیشتوانی تۆقان)!!

وَنَزَعَ يَدَهُ فَإِذَا هِيَ بَيْضَاء لِلنَّاظِرِينَ (33)

دەستیشی (خستە بن باڵی و) ڕای کێشا ئەویش سپی هەڵگەڕا وەك (کافوور)، تەماشاچییان سەرنجیان دەدا!!

قَالَ لِلْمَلَإِ حَوْلَهُ إِنَّ هَذَا لَسَاحِرٌ عَلِيمٌ (34)

فیرعەون (هیچی بۆ نەمایەوە) بە دانیشتوانی دەوربەری خۆی وت: ئەم (فرستادەیە) جادوگەرێکی زاناو شارەزایە!!

يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُم بِسِحْرِهِ فَمَاذَا تَأْمُرُونَ (35)

دەیەوێ لەسەر زەوی خۆتان دەرتان بکات بەهۆی جادوەکەیەوە، فەرمانتان بە چییە؟ (چی بکەین باشە تا سنوورێکی بۆ دابنێین).

قَالُوا أَرْجِهِ وَأَخَاهُ وَابْعَثْ فِي الْمَدَائِنِ حَاشِرِينَ (36)

(داروودەستەی فیرعەون) وتیان: مۆڵەتێك بدە بە (موساو) براکەی (وە هەوڵ بدەو فەرمان بنێرە) بۆ هەموو شارەکان کە خەڵکی (لە پیلانەکانی ئاگادار بکەن و تێیان بگەیەنن)!!

يَأْتُوكَ بِكُلِّ سَحَّارٍ عَلِيمٍ (37)

تا فەرمانبەران هەرچی جادووگەری شارەزا هەیە بۆت بێنن.

فَجُمِعَ السَّحَرَةُ لِمِيقَاتِ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ (38)

سەرئەنجام جادووگەران لە ڕۆژی دیاریکراوو کاتێکی دیاریکراودا کۆکرانەوە.

وَقِيلَ لِلنَّاسِ هَلْ أَنتُم مُّجْتَمِعُونَ (39)

پاشان بە خەڵکی وترا: ئایا بۆ (دیتنی ئەم دیمەن و شانۆیە) کۆنابنەوە؟!

لَعَلَّنَا نَتَّبِعُ السَّحَرَةَ إِن كَانُوا هُمُ الْغَالِبِينَ (40)

بەڵکو شوێنی جادووگەران بکەوین ئەگەر ئەوان سەرکەوتن و بردیانەوە.

فَلَمَّا جَاءَ السَّحَرَةُ قَالُوا لِفِرْعَوْنَ أَئِنَّ لَنَا لَأَجْرًا إِن كُنَّا نَحْنُ الْغَالِبِينَ (41)

کاتێ جادووگەران هاتن بۆلای فیرعەون، وتیان: ئایا پاداشتمان دەبێت، ئەگەر ئێمە سەرکەوتین و بردمانەوە.

قَالَ نَعَمْ وَإِنَّكُمْ إِذًا لَّمِنَ الْمُقَرَّبِينَ (42)

فیرعەون وتی: بەڵێ بێگومان ئێوە لە نزیکانی من دەبن و (چیتان بوێت پێتان دەبەخشم).

قَالَ لَهُم مُّوسَى أَلْقُوا مَا أَنتُم مُّلْقُونَ (43)

(پاشان لە ڕۆژو کاتی دیاریکراودا) موسا بە (جادوگەرانی) وت: چیتان پێیە فڕێی بدەن و (چیتان لەدەست دێ دریغی مەکەن؟!).

فَأَلْقَوْا حِبَالَهُمْ وَعِصِيَّهُمْ وَقَالُوا بِعِزَّةِ فِرْعَوْنَ إِنَّا لَنَحْنُ الْغَالِبُونَ (44)

(جادووگەران) هەرچی پەت و گوریس و دارو گۆچانیان هەیە فڕێیان داو وتیان: بە یارمەتی و دەسەڵاتی فیرعەون هەر ئێمە سەردەکەوین و هەر ئێمە دەیبەینەوە.

فَأَلْقَى مُوسَى عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ (45)

موسا گۆچانەکەی فڕێدا هەرچی درۆو دەلەسەو گوریس و داریان هەبوو، هەرهەمووی هەڵ لووشی ولەناوی دا.

فَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سَاجِدِينَ (46)

ئیتر دەستبەجێ جادووگەران (خۆیان پێنەگیرا لەبەرانبەر حەقیقەتەوە) سوژدەیان برد (بۆ پەروەردگاری باڵادەست).

قَالُوا آمَنَّا بِرَبِّ الْعَالَمِينَ (47)

وتیان: ئێمە باوەڕمان هێناوە بە پەروەردگاری جیهانەکان.

رَبِّ مُوسَى وَهَارُونَ (48)

پەروەردگاری موساو هاروون.

قَالَ آمَنتُمْ لَهُ قَبْلَ أَنْ آذَنَ لَكُمْ إِنَّهُ لَكَبِيرُكُمُ الَّذِي عَلَّمَكُمُ السِّحْرَ فَلَسَوْفَ تَعْلَمُونَ لَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَافٍ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ (49)

فیرعەون وتی: هەروا باوەڕتان پێ هێنا پێش ئەوەی مۆڵەتتان بدەم، (ئێستا بۆم دەرکەوت) ئەم جادووگەرە، گەورەکەتانە کە فێری جادووگەریی کردوون.. خۆتان دەبیننەوە، دەبێ دەست و قاچتان بە پێچەوانەوە بقرتێنم، وە هەمووتان بکەم بە خاچدا.

قَالُوا لَا ضَيْرَ إِنَّا إِلَى رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ (50)

(جادووگەرانی) ئەوساو ئیماندارانی ئێستا، بێ ترس وتیان: هیچ زەرەرو زیانی نابێت و (لە هەڕەشە ناترسین) چونکە ئێمە دڵنیاین کە بۆلای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە.

إِنَّا نَطْمَعُ أَن يَغْفِرَ لَنَا رَبُّنَا خَطَايَانَا أَن كُنَّا أَوَّلَ الْمُؤْمِنِينَ (51)

ئێمە بەتەماین و ئومێدەوارین کە پەروەردگارمان لە گوناهەکانمان خۆش ببێت هەر بەوەی یەکەم دەستەین لە ئیمانداران.

وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِي إِنَّكُم مُّتَّبَعُونَ (52)

(دوای ساڵەها) وەحیمان نارد بۆ موسا (کە ئیتر وڵات بەجێ بێڵێ و شەوڕەویی بکات لەگەڵ بەندەکانمان، وە دڵنیاش بن کە (دوژمنان) شوێنتان دەکەون.

فَأَرْسَلَ فِرْعَوْنُ فِي الْمَدَائِنِ حَاشِرِينَ (53)

فیرعەون (کە هەواڵی زانی) ناردی بۆ شارەکان کە هێز کۆبکەنەوە (نەیەڵن نەوەی ئیسرائیل کۆچ بکەن).

إِنَّ هَؤُلَاء لَشِرْذِمَةٌ قَلِيلُونَ (54)

(جاڕی داو وتی) ئەوانە دەستەیەکی کەمن و (زوو باڵبەستیان دەکەین).

وَإِنَّهُمْ لَنَا لَغَائِظُونَ (55)

بەڕاستی ئەوانە سەرکەشییان کردووەو ئێمەیان تووڕە کردووە.

وَإِنَّا لَجَمِيعٌ حَاذِرُونَ (56)

(خەمتان نەبێت) ئێمە هەموومان بێدارو ئاگادارین (لە نەخشەیان).

فَأَخْرَجْنَاهُم مِّن جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ (57)

(بەو شێوەیە فیرعەون و دارودەستەیمان) دەرهێنا لەناو باخ و باخات و کێوەکان.

وَكُنُوزٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ (58)

لەنێو گەنجینەی جۆراوجۆرو جێگەو ڕێگەی خۆش و ڕازاوەدا.

كَذَلِكَ وَأَوْرَثْنَاهَا بَنِي إِسْرَائِيلَ (59)

نەوەی ئیسرائیلمان کرد بە خاوەنی (زۆربەی) ماڵ و سامانیان.

فَأَتْبَعُوهُم مُّشْرِقِينَ (60)

(فیرعەون و دارودەستەی) شوێنیان کەوتن، لەگەڵ خۆرهەڵاتندا پێیان گەیشتن.

فَلَمَّا تَرَاءى الْجَمْعَانِ قَالَ أَصْحَابُ مُوسَى إِنَّا لَمُدْرَكُونَ (61)

کاتێ هەردوولا یەکتریان بەدی کرد، یارانی موسا وتیان تازە پێمان دەگەن و (ئێمە تیاچووین).

قَالَ كَلَّا إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدِينِ (62)

(موسا) وتی: نەخێر وا نیە من بەڕاستی پەروەردگارم لەگەڵدایەو ڕێنموونیم دەکات (بۆ ڕزگاری و سەرفەرازیی).

فَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى أَنِ اضْرِب بِّعَصَاكَ الْبَحْرَ فَانفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَالطَّوْدِ الْعَظِيمِ (63)

(ئەوسا دەستبەجێ) ئێمە وەحیمان نارد بۆ موسا کە: بە گۆچانەکەت بماڵە بە دەریاکەدا، (هەر کە ئەو کارەی کرد) دەریا شەق بوو، وە هەر ڕێگەو شەقامێکی دەوردرا بە کێوێکی گەورەو مەزن (لەئاو، ئاوەکە خۆی هەڵدایەوە دوانزە کۆڵانی بۆ دوانزە تایەفەکەی نەوەی ئیسرائیل دروستکرد، وە بەنێوانیاندا پەڕینەوە).

وَأَزْلَفْنَا ثَمَّ الْآخَرِينَ (64)

ئینجا ئەوانمان لەمان نزیك کردەوە.

وَأَنجَيْنَا مُوسَى وَمَن مَّعَهُ أَجْمَعِينَ (65)

موسا هەموو ئەوانەی لەتەکیان بوون ڕزگارمان کردن.

ثُمَّ أَغْرَقْنَا الْآخَرِينَ (66)

ئەوسا ئەوانی ترمان نوقمی (دەریا) کرد.

إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ (67)

تەماشای ئایەتی 9،8 بکە.

وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ (68)

تەماشای ئایەتی 9،8 بکە.

وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ إِبْرَاهِيمَ (69)

هەروەها بەسەرهات و هەواڵی ئیبراهیم (بۆ ئەو خەڵکە) باس بکە.

إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ مَا تَعْبُدُونَ (70)

کاتێ کە بە باوکی و بە قەومەکەی وت: باشە ئێوە چی دەپەرستن؟!

قَالُوا نَعْبُدُ أَصْنَامًا فَنَظَلُّ لَهَا عَاكِفِينَ (71)

وتیان: (ئاشكرایە) ئێمە كۆمەڵێ بت دەپەرستین و بەردەوام دەورو خولیان دەدەین.

قَالَ هَلْ يَسْمَعُونَكُمْ إِذْ تَدْعُونَ (72)

(ئیبراهیم) وتی: ئایا كاتێك كە هاناو هاواریان بۆ دەبەن و دۆعا دەكەن، گوێیان لە ئاهوناڵەو داخوازیەكانتان هەیە؟!

أَوْ يَنفَعُونَكُمْ أَوْ يَضُرُّونَ (73)

یاخود دەتوانن ئەوانە قازانجێك یا زیانێكتان پێبگەیەنن.

قَالُوا بَلْ وَجَدْنَا آبَاءنَا كَذَلِكَ يَفْعَلُونَ (74)

(بتپەرستان) وتیان: (ئێمە ئەوە نازانین) باوانمان بینیوە ئاوایان كردووە (ئێمەش وا دەكەین).

قَالَ أَفَرَأَيْتُم مَّا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ (75)

(ئیبراهیم) وتی: باشە ئاخر ئێوە نابینن چی دەپەرستن (كەی ئەو شتانە شایستەی پەرستنن).

أَنتُمْ وَآبَاؤُكُمُ الْأَقْدَمُونَ (76)

(بەڕاستی) ئێوەش و باوانی دێرینیشتان (بەهەڵەدا چوون).

فَإِنَّهُمْ عَدُوٌّ لِّي إِلَّا رَبَّ الْعَالَمِينَ (77)

(ئیبراهیم پێی وتن) هەموو ئەوان دوژمنی منن، بە دوژمنی خۆمیان دەزانم جگە لە پەروەردگاری جیهانەكان (كە هەندێ لە باوان پەرستوویانە).

الَّذِي خَلَقَنِي فَهُوَ يَهْدِينِ (78)

ئەو زاتەی کە دروستی کردووم هەر ئەو ڕێنموییم دەکات (بۆ بەختەوەری هەردوو جیهان).

وَالَّذِي هُوَ يُطْعِمُنِي وَيَسْقِينِ (79)

هەر ئەو زاتەیە کە خۆراکم پێ دەبەخشێ و خواردنەوەم دەداتێ.

وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ (80)

ئەگەر نەخۆش کەوتم هەر ئەو چارەسەرم دەکات و شیفام بۆ دەنێرێ.

وَالَّذِي يُمِيتُنِي ثُمَّ يُحْيِينِ (81)

هەر ئەوە کە دەم مرێنێ و لەوەودواش زیندووم دەکاتەوە.

وَالَّذِي أَطْمَعُ أَن يَغْفِرَ لِي خَطِيئَتِي يَوْمَ الدِّينِ (82)

هەر ئەوە کە ئومێدم پێیەتی کە لە گوناهم خۆش ببێت لە ڕۆژی قیامەتدا.

رَبِّ هَبْ لِي حُكْمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ (83)

(ئینجا ئیبراهیم دەستەکانی بەرزکردەوەو دۆعای کردو فەرمووی) پەروەردگارا: حیکمەت و دانایی تەواوم پێببەخشەو پەیوەستم بکە بە چاکەکارانەوە.

وَاجْعَل لِّي لِسَانَ صِدْقٍ فِي الْآخِرِينَ (84)

هەروەها یادی خێرم بێڵەرەوە لەسەر زاری نەوەکانی داهاتوو.

وَاجْعَلْنِي مِن وَرَثَةِ جَنَّةِ النَّعِيمِ (85)

وە بمگێڕە لەو کەسانەی کە بەهەشتی پڕ لە نازو نیعمەت بەدەست دەهێنن و دەبنە خاوەنی.

وَاغْفِرْ لِأَبِي إِنَّهُ كَانَ مِنَ الضَّالِّينَ (86)

له باوكیشم خۆش ببه بەڕاستی ئەو لەڕیزی گومڕاكاندایه (هێشتا لێی نائومێد نەبووبوو).

وَلَا تُخْزِنِي يَوْمَ يُبْعَثُونَ (87)

له ڕۆژی زیندووبوونەوەی (ئەو خەڵكەدا) شەرمەزارو خەجاڵەتم مەكه.

يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ (88)

ئەو ڕۆژەی كه نه ماڵ سوود دەبەخشێت و (فریای ئادەمیزاد دەكەوێت) نه منداڵ و نەوه.

إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ (89)

مەگەر كەسێك كه بەدڵ و دەروونی پاك و بێگەردو پڕ له ئیمان، بەخزمەت پەروەردگار بگات.

وَأُزْلِفَتِ الْجَنَّةُ لِلْمُتَّقِينَ (90)

ئەو كاته، بەهەشت له چاكەكاران و خواناسان نزیك كراوەتەوه.

وَبُرِّزَتِ الْجَحِيمُ لِلْغَاوِينَ (91)

دۆزەخیش بۆ گومڕاو سەرلێشێواوەكان خۆی دەنوێنێت.

وَقِيلَ لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ (92)

پێیان دەوترێ: كوان ئەوانەی دەتانپەرست؟

مِن دُونِ اللَّهِ هَلْ يَنصُرُونَكُمْ أَوْ يَنتَصِرُونَ (93)

لەجیاتی خوا، ئایا یارمەتی ئێوەیان پێ دەدرێت یا فریای خۆیان دەكەون.

فَكُبْكِبُوا فِيهَا هُمْ وَالْغَاوُونَ (94)

پاشان هەموویان بە پاڵەپەستۆو توندوتیژیەوە (بتەکان و) گومڕاکان فڕێ دەدرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

وَجُنُودُ إِبْلِيسَ أَجْمَعُونَ (95)

(هاوڕێ لەگەڵ) هەر هەموو سەربازان و دەست و پێوەندی شەیتاندا.

قَالُوا وَهُمْ فِيهَا يَخْتَصِمُونَ (96)

(بتپەرستان: بە بەتکان و پەرستراوەکانیان) دەڵێن: بە ڕق و کینەوە.

تَاللَّهِ إِن كُنَّا لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ (97)

سوێند بە خوا ئێمە لە گومڕاییەکی ئاشکرادا دەژیاین.

إِذْ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ الْعَالَمِينَ (98)

کاتێك کە ئێوەمان دەبردە ڕیزی پەروەردگاری جیهانەکانەوە.

وَمَا أَضَلَّنَا إِلَّا الْمُجْرِمُونَ (99)

بەڕاستی ئێمە تەنها تاوانبارو تاوانکارەکان گومڕایان کردین.

فَمَا لَنَا مِن شَافِعِينَ (100)

ئێستا ئێمە کەس نیە تکایەکمان بۆ بکات.

وَلَا صَدِيقٍ حَمِيمٍ (101)

یاخود هاوڕێیەکی دڵسۆز (هەوڵێکمان بۆ بدات، یا دڵخۆشیمان بداتەوە).

فَلَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (102)

خۆزگە جارێکی تر مۆڵەتمان بدرایەو (بگەڕاینەوە بۆ دنیا) وە بچوینایەتە ڕیزی ئیمانداارانەوە.

إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ (103)

وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ (104)

سەرنجی ئایەتی 8،9 بدە.

كَذَّبَتْ قَوْمُ نُوحٍ الْمُرْسَلِينَ (105)

قەومی نوحیش هەر هەموو پێغەمبەرانیان بەدرۆ خستەوە.

إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ نُوحٌ أَلَا تَتَّقُونَ (106)

کاتێ کە نوح ی برایان پێی وتن: باشە ئەوە ئێوە لەخواناترسن، پارێزکار نابن؟

إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ (107)

بەڕاستی دڵنیا بن کە من فرستادەیەکی ئەمین و دڵسۆزم بۆتان.

فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (108)

لەخوا بترسن و فەرمانبەرداری من بکەن.

وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ (109)

من داوای هیچ جۆرە پاداشتێکتان لێ ناکەم، من تەنها پاداشتی خۆم لە پەروەردگاری جیهانەکان دەخوازم.

فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (110)

هەمیشە لە خوا بترسن و فەرمانبەرداری من بن.

قَالُوا أَنُؤْمِنُ لَكَ وَاتَّبَعَكَ الْأَرْذَلُونَ (111)

(هەندێک لە دەمدارەکانی قەومەکەی) وتیان: ئێمە چۆن باوەڕ بەتۆ بێنین لەکاتێکدا کە کەسانی هەژارو داماو شوێنت کەوتوون.

قَالَ وَمَا عِلْمِي بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (112)

(نوح) وتی: جا من چوزانم ئەوان چ ئیش و کارێک دەکەن و ڕابووردو چۆن بوون، ئەوان چ کارو کردەوەیەکیان ئەنجام داوەو ڕابووردویان چۆنە (من بانگم کردن بۆ ئیمان و بڕوایان هێناوە).

إِنْ حِسَابُهُمْ إِلَّا عَلَى رَبِّي لَوْ تَشْعُرُونَ (113)

حساب و پرسینەوەیان تەنها بەدەست پەروەردگاری منە (نەک من ئەگەر هەست و هۆشیاریتان هەیە.

وَمَا أَنَا بِطَارِدِ الْمُؤْمِنِينَ (114)

من هەرگیز ئیمانداران دەرناکەم و (دڵیان نائێشێنم).

إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ مُّبِينٌ (115)

بەڵکو من تەنها بێدارکەرەوەیەکی ئاشکرام.

قَالُوا لَئِن لَّمْ تَنتَهِ يَا نُوحُ لَتَكُونَنَّ مِنَ الْمَرْجُومِينَ (116)

(ئەوسا دەسەڵاتداران) وتیان: ئەی نوح ئەگەر کۆڵ نەدەیت و کۆتایی بەم باسانە نەهێنی، بەڕاستی لە ڕەجمکراوان دەبیت و (بەرد بارانت دەکەین).

قَالَ رَبِّ إِنَّ قَوْمِي كَذَّبُونِ (117)

(نوح سکاڵای کردو) وتی: پەروەردگارا (ئەوەتە خۆت دەزانی) کە قەومەکەم بەدرۆیان خستمەوە.

فَافْتَحْ بَيْنِي وَبَيْنَهُمْ فَتْحًا وَنَجِّنِي وَمَن مَّعِيَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (118)

(ئیتر هیچ هەوڵێك سودی نیە) لەنێوان من و ئەواندا، دادوەری بفەرموو، خۆم و ئیماندارانی هاوڕێیازم ڕزگار بکە.

فَأَنجَيْنَاهُ وَمَن مَّعَهُ فِي الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ (119)

(ئەوسا ئیتر ئێمە) خۆی و هەرچی لەتەکیابوون ڕزگارمان کرد لە کەشتیە بارهەڵگرەکەدا.

ثُمَّ أَغْرَقْنَا بَعْدُ الْبَاقِينَ (120)

ئەوجا هەرچی مایەوە نوقمی ئاوی تۆفانەکەمان کرد.

إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ (121)

سەرنجی ئایەتی 8،9 بدە.

وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ (122)

سەرنجی ئایەتی 8،9 بدە.

كَذَّبَتْ عَادٌ الْمُرْسَلِينَ (123)

قەومی عادیش هەر هەموو پێغەمبەرانیان بەدرۆخستەوە.

إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ هُودٌ أَلَا تَتَّقُونَ (124)

کاتێ کە (هود)ی پێغەمبەری برایان پێی وتن: باشە ئەوە ئێوە لەخوا ناترسن، تەقوادار نابن.

إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ (125)

بەڕاستی دڵنیا بن کە من فرستادەیەکی ئەمین و دڵسۆزم.

فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (126)

لەخوا بترسن و فەرمانبەردارم بن.

وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ (127)

سەرنجی ئایەتی 109 بدە.

أَتَبْنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ آيَةً تَعْبَثُونَ (128)

ئایا ئێوە لەهەموو شوێنێکی بڵندو سازگاردا کۆشك و تەلار دروست دەکەن و خۆتان سەرگەرمی کەیف و شادیی دەکەن؟! (ئایا بۆ ئەوە دروست کراون؟).

وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمْ تَخْلُدُونَ (129)

هەر خەریکی دروست کردنی کارگەو کارخانەن، وە وادەزانن کە نامرن و بۆ هەمیشە دەژین، (لێپرسینەوە نیە؟!).

وَإِذَا بَطَشْتُم بَطَشْتُمْ جَبَّارِينَ (130)

کاتێ تۆڵەیەك دەسێنن، ئەو تۆڵەیە بەشێوەیەکی دڕندانە دەسێنن و لەسنوور دەردەچن.

فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (131)

لەخوا بترسن و فەرمانبەردارم بن.

وَاتَّقُوا الَّذِي أَمَدَّكُم بِمَا تَعْلَمُونَ (132)

لەو زاتە بترسن کە خۆتان دەزانن چی پێبەخشیون.

أَمَدَّكُم بِأَنْعَامٍ وَبَنِينَ (133)

ماڵاتی زۆرو نەوەی زۆری پێبەخشیون.

وَجَنَّاتٍ وَعُيُونٍ (134)

هەروەها باخچەو باخات و کانی و سەرچاوەی زۆر.

إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ (135)

بەڕاستی من دەترسم لە ڕۆژێکی زۆر سەختدا تووشی بەڵایەکی گەورە ببن.

قَالُوا سَوَاءٌ عَلَيْنَا أَوَعَظْتَ أَمْ لَمْ تَكُن مِّنَ الْوَاعِظِينَ (136)

(ستەمكاران) وتیان: چوونیەكە بەلای ئێمەوە ئامۆژگاریی دەكەیت یان لەدەستەی ئامۆژگاری كاران نابیت.

إِنْ هَذَا إِلَّا خُلُقُ الْأَوَّلِينَ (137)

ئەمەی تۆ دەیڵێیت لە نەوەكانی ڕابووردوشدا (كەسانی وەك تۆ وتویانە).

وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ (138)

(ئێمە بڕوا ناكەین كە وەك تۆ دەڵێیت) لە سزادراوان و ئازاردراوان بین.

فَكَذَّبُوهُ فَأَهْلَكْنَاهُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ (139)

ئەوان (هود)یان بەدرۆخستەوە ئێمەش لەناومان بردن، بەڕاستی لە بەسەرهاتیاندا بەڵگەو نیشانەو عیبرەت هەیە، هەرچەندە زۆربەشیان باوەڕیان نەهێنا.

وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ (140)

بەڕاستی پەروەردگاری تۆ (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم، ئەی ئیماندار) باڵادەستە (بەسەر كافراندا) وە بەسۆزو میهرەبانە (بە ئیمانداران).

كَذَّبَتْ ثَمُودُ الْمُرْسَلِينَ (141)

قەومی (ثمود)یش هەموو پێغەمبەرانیان بەدرۆخستەوەو بڕوایان پێنەكردن.

إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ صَالِحٌ أَلَا تَتَّقُونَ (142)

كاتێ كە (صالح)ی برایان پێی وتن: باشە ئەوە ئێوە لەخوا ناترسن، تەقوادار نابن؟

إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ (143)

سەرنجی ئایەتی 107 بدە.

فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (144)

لە 108دا ماناکراوە.

وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ (145)

لە 109 دا مانا کراوە.

أَتُتْرَكُونَ فِي مَا هَاهُنَا آمِنِينَ (146)

ئایا وادەزانن هەروا ئالێرەدا بەخۆشی و ئاسوودەیی دەمێننەوەو (ژیانتان کۆتایی نایەت).

فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ (147)

لەناو باخ و باخات و کانیاوی سازگاردا؟!!

وَزُرُوعٍ وَنَخْلٍ طَلْعُهَا هَضِيمٌ (148)

وە لەناو بێستان و دارخورمادا کە خورمای نەرم و ناسک و بەتام دەگرێت؟!!

وَتَنْحِتُونَ مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا فَارِهِينَ (149)

(هەروەها بۆتان دەلوێ) ماڵ و شوێنی خۆش بتاشن و بەجوانیی دروستی بکەن و بەخۆشیی تیایدا بژین؟!

فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (150)

لە 108 دا ماناکراوە.

وَلَا تُطِيعُوا أَمْرَ الْمُسْرِفِينَ (151)

بە فەرمانی موسریف و لەسنوور دەرچووەکان هەڵس و کەوت مەکەن.

الَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ (152)

ئەوانەی کە فەسادو تاوان لە زەویدا ئەنجام دەدەن و هەرگیز کاری چاک و دروست ناکەن.

قَالُوا إِنَّمَا أَنتَ مِنَ الْمُسَحَّرِينَ (153)

(خوانەناسان) وتیان: وادیارە تۆ لەوانەی کە جادووت لێ کراوە!!

مَا أَنتَ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا فَأْتِ بِآيَةٍ إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ (154)

تۆ جگە لەوەی کە هەر بەشەرێکی وەکو ئێمە (چۆن بڕوا بکەین کە تۆ پێغەمبەری) دە تۆ بەڵگەیەکمان نیشان بدە ئەگەر لە ڕاستگۆیانیت؟!

قَالَ هَذِهِ نَاقَةٌ لَّهَا شِرْبٌ وَلَكُمْ شِرْبُ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ (155)

(جا خوای بەتوانا حوشترێکی بۆ بەدیهێنان تا دەمکوتیان بکات و بیانوویان ببڕێت، ئینجا (صالح) پێغەمبەر پێی وتن: ئەمە وشترێکەو (معجزة)یەکە دەبێ ڕۆژێک ئاو تەنها بۆ ئەم بێت، ڕۆژێکیش بۆ ئێوە دیاری کراو بێت.

وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابُ يَوْمٍ عَظِيمٍ (156)

نەکەن دەستی بۆ بەرن و ئازاری بدەن تا سزایەکی سەخت لە ڕۆژێکی سامناکدا یەختان نەگرێت.

فَعَقَرُوهَا فَأَصْبَحُوا نَادِمِينَ (157)

(بەڵام گوێیان نەدا بە ئامۆژگارییەکانی صالح) سەریان بڕی و پەشیمانیش بوون.

فَأَخَذَهُمُ الْعَذَابُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ (158)

چونکه خێرا سزای خوایی یەخەی گرتن، بەڕاستی ئا لەوەدا بەڵگەو نیشانە هەیە (لەسەر تۆڵەی خوایی) هەرچەندە زۆربەشیان باوەڕیان نەهێنا.

وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ (159)

پێشتر لە 9 دا مانا کراوە.

كَذَّبَتْ قَوْمُ لُوطٍ الْمُرْسَلِينَ (160)

قەومی (لوط پێغەمبەریش) هەرهەموو پێغەمبەرانیان بەدرۆ خستەوە.

إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ لُوطٌ أَلَا تَتَّقُونَ (161)

کاتێ کە (لوط)ی برایان پێی وتن: باشە ئەوە ئێوە لەخواناترسن.

إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ (162)

لە 107 دا ماناکراوە.

فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (163)

لە 108 دا ماناکراوە.

وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ (164)

لە 109 دا ماناکراوە.

أَتَأْتُونَ الذُّكْرَانَ مِنَ الْعَالَمِينَ (165)

ئایا لەناو ئەو هەموو خەڵکەدا ئێوە بەشوێن نێرینەدا دەگەڕێن و دەتانەوێ (ئارەزووی جووت بوون) لەگەڵ ئەواندا جێبەجێ بکەن؟

وَتَذَرُونَ مَا خَلَقَ لَكُمْ رَبُّكُمْ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ بَلْ أَنْتُمْ قَوْمٌ عَادُونَ (166)

وازدەهێنن لە هاوسەران و هاوجوتانی خۆتان کە پەروەردگارتان بۆی دروستکردوون، بەڵکو ئێوە هەر قەومێکی نالەبارو بەدڕەوشت و نارەسەنن.

قَالُوا لَئِن لَّمْ تَنتَهِ يَا لُوطُ لَتَكُونَنَّ مِنَ الْمُخْرَجِينَ (167)

(تاوانباران) وتیان: ئەی لوط، ئەگەر کۆڵ نەدەیت لە دەربەدەرکراوان دەبیت.

قَالَ إِنِّي لِعَمَلِكُم مِّنَ الْقَالِينَ (168)

(لوط) وتی: بەڕاستی من بێزارم لە کاروکردەوەتان و نەفرەتی لێ دەکەم و (بێدەنگ نابم لێی).

رَبِّ نَجِّنِي وَأَهْلِي مِمَّا يَعْمَلُونَ (169)

(ئەوسا کە ئیتر نائومێد بوو لێیان نزای کردو وتی) پەروەردگارا خۆم و ماڵ و خێزانم کە کارکردەوەی (ئەم ناپەسندانە) ڕزگار بکە.

فَنَجَّيْنَاهُ وَأَهْلَهُ أَجْمَعِينَ (170)

(ئێمەش نزامان گیراکردوو) خۆی و ماڵ و خێزانیمان هەمووی ڕزگار کرد.

إِلَّا عَجُوزًا فِي الْغَابِرِينَ (171)

جگە لە پیرەژنێك (کە هاوسەری لوط بو) لە تیاچووەکان بوو.

ثُمَّ دَمَّرْنَا الْآخَرِينَ (172)

لەوەودوا ئەوانی ترمان (هەر هەموویان بە خۆیان و شارو شارۆچکەیانەوە) کاول کرد.

وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا فَسَاءَ مَطَرُ الْمُنذَرِينَ (173)

وه بەسەختی بەردبارانمان کردن، ئای کە بارانی بێدارخراوەکان سەخت و دژواره.

إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ (174)

سەرنجی ئایەتی 8،9 بدە.

وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ (175)

سەرنجی ئایەتی 8،9 بدە.

كَذَّبَ أَصْحَابُ الْأَيْكَةِ الْمُرْسَلِينَ (176)

خاوەنی باخ و باخاتە چڕو پڕەکانیش گشت پێغەمبەرانیان بەدرۆ خستەوە.

إِذْ قَالَ لَهُمْ شُعَيْبٌ أَلَا تَتَّقُونَ (177)

شوعەیب (پێغەمبەر) پێی وتن: باشە ئەوە ئێوە لەخواناترسن، پارێزکار نابن؟

إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ (178)

سەرنجی ئایەتی 107 بدە.

فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (179)

سەرنجی ئایەتی 108 بدە.

وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ الْعَالَمِينَ (180)

سەرنجی ئایەتی 109 بدە.

أَوْفُوا الْكَيْلَ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُخْسِرِينَ (181)

له کێشان و پێواندا وەفاداربن و فێڵ مەکەن و لەو کەسانە مەبن کە زەرەر بە خەڵکی دەگەیەنن و شتیان بێ نرخ دەکەن.

وَزِنُوا بِالْقِسْطَاسِ الْمُسْتَقِيمِ (182)

وە بە تەرازوو پێوەری ڕاست و دروست کێشانەو پێوانە بکەن.

وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءهُمْ وَلَا تَعْثَوْا فِي الْأَرْضِ مُفْسِدِينَ (183)

نرخی کەل و پەل و شت و مەکی خەڵکی مەشکێنن و سووکی مەکەن، وە لە زەویدا فەسادو تاوان ئەنجام مەدەن.

وَاتَّقُوا الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالْجِبِلَّةَ الْأَوَّلِينَ (184)

هەر لەو زاتە بترسن کە ئێوەش و کەسانی تریشی لە ڕابردوودا دروستکردووە.

قَالُوا إِنَّمَا أَنتَ مِنَ الْمُسَحَّرِينَ (185)

(نەفام و دەمداران) وتیان: تۆ (ئەی شوعەیب) لە جادوو لێکراوانیت و (بڕوات پێناکەین).

وَمَا أَنتَ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا وَإِن نَّظُنُّكَ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ (186)

تۆ جگە لەوەی کە بەشەرێکی وەکو ئێمەو (شتێکی تر نیت) گومانمان هەیە، تۆ هەر لە درۆزنانیت!!

فَأَسْقِطْ عَلَيْنَا كِسَفًا مِّنَ السَّمَاءِ إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ (187)

دەبا پارچەیەك لە ئاسمانەوە بەسەرماندا داباریێنیت ئەگەر تۆ لەڕیزی ڕاستگۆیاندایت؟!

قَالَ رَبِّي أَعْلَمُ بِمَا تَعْمَلُونَ (188)

(شوعەیب) وتی: من دڵنیام کە پەروەردگارم زۆر چاك ئاگادارە لەهەموو کاروکردەوەتان (وە بە پێی ئەوە تۆڵەتان لێدەسێنێ).

فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَهُمْ عَذَابُ يَوْمِ الظُّلَّةِ إِنَّهُ كَانَ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ (189)

(سەرئەنجام، قەومی ناڵەبار شوعەیبیان) بەدرۆخستەوە، ئیتر سزای ڕۆژی هەموو سێبەر (کە لەژێردا ئاگریان کران) دایگرتن، بەڕاستی سزایەکی گەورەو سەخت بوو لەو ڕۆژەدا.

إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ (190)

سەرنجی ئایەتی 8 بدە.

وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ (191)

سەرنجی ئایەتی 9 بدە.

وَإِنَّهُ لَتَنزِيلُ رَبِّ الْعَالَمِينَ (192)

بەڕاتی ئەم قورئانە لەلایەن پەروەردگاری هەموو جیهانەکانەوە ڕەوانەکراوە.

نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ (193)

جوبرەئیلی ئەمین (فریشتەی وەحی) دایبەزاندووە.

عَلَى قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ الْمُنذِرِينَ (194)

بۆ سەر دڵی تۆ (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) تا بچیتە ڕیزی (ئەو کەسانەوە) کە خەڵکی بێداردەکەنەوەو (لە خەوی غەفڵەت) دایاندەچڵەکێنن.

بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ (195)

به زمانی عەرەبی ڕوون و ئاشکرا، یاخود به زمانێکی پاراوو شیرین و ڕوون.

وَإِنَّهُ لَفِي زُبُرِ الْأَوَّلِينَ (196)

(شایانی باسه) هەواڵی (ڕاستی و دروستی) ئەم قورئانه له کتێبه پێشووەکاندا (وەکو تەورات و ئینجیل) باس کراوقه.

أَوَلَمْ يَكُن لَّهُمْ آيَةً أَن يَعْلَمَهُ عُلَمَاء بَنِي إِسْرَائِيلَ (197)

ئایا هەر لەوەدا بەڵگەو نیشانه نیه بۆ ئەو خەڵکه، که زاناکانی نەوەی ئیسرائیل (دەربارەی گەلێ شت دەزانن).

وَلَوْ نَزَّلْنَاهُ عَلَى بَعْضِ الْأَعْجَمِينَ (198)

خۆ ئەگەر قورئانمان دابەزاندایه بۆ سەر کەسانێکی تر جگه له عەرەبەکان.

فَقَرَأَهُ عَلَيْهِم مَّا كَانُوا بِهِ مُؤْمِنِينَ (199)

وه بیخوێندایه بەسەریاندا هەر باوەڕیان پێ نەدەهێنا.

كَذَلِكَ سَلَكْنَاهُ فِي قُلُوبِ الْمُجْرِمِينَ (200)

هەر ئاواو بەردەوام کارکردی قورئان له دڵی تاوانباراندا جێگیر دەکەین.

لَا يُؤْمِنُونَ بِهِ حَتَّى يَرَوُا الْعَذَابَ الْأَلِيمَ (201)

باوەڕیان پێ نابێت هەتا سزایەکی بەئێش و ئازار دەبینن.

فَيَأْتِيَهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ (202)

کوتوپڕ یەخەیان دەگرێت و ئەوان هەر هەست به (نزیکبوونەوەی نەکەن.

فَيَقُولُوا هَلْ نَحْنُ مُنظَرُونَ (203)

(ئەو کاتە هاوار دەکەن و) دەڵێن: ئایا ئیتر مۆڵەتمان دەدرێت، ئایا ئیتر جارێکی تر فرسەتمان دەدرێتێ؟!

أَفَبِعَذَابِنَا يَسْتَعْجِلُونَ (204)

ئایا ئەوانە پەلەیانە زوو سزای ئێمە یەخەیان بگرێت؟!

أَفَرَأَيْتَ إِن مَّتَّعْنَاهُمْ سِنِينَ (205)

باشە ئایا ئەگەر ساڵەها مۆڵەتیان بدەین و ژیانی دنیا بە خۆشی ببەنە سەر (باوەڕ دەهێنن)؟!

ثُمَّ جَاءَهُم مَّا كَانُوا يُوعَدُونَ (206)

پاشان (ئەگەر) ئەو هەڕەشەو سزایەی کە لەوان کراوە هاتەدی و پێش هات. (دەتوانن چی بکەن)؟!

مَا أَغْنَى عَنْهُم مَّا كَانُوا يُمَتَّعُونَ (207)

ئیتر ئەو ڕابواردنەی دنیایان هیچ فریایان ناکەوێت و بێ سوود دەبێت.

وَمَا أَهْلَكْنَا مِن قَرْيَةٍ إِلَّا لَهَا مُنذِرُونَ (208)

ئێمە هەر شارو شارۆچکەیەکمان کاول کردبێت بەبێ فرستادەو بێدارخەرەوە نەبووە.

ذِكْرَى وَمَا كُنَّا ظَالِمِينَ (209)

تا دابچڵەکێن و بیربکەنەوە، بێگومان هەرگیز ئێمە ستەمکار نەبووین و (نابین).

وَمَا تَنَزَّلَتْ بِهِ الشَّيَاطِينُ (210)

(دڵنیا بن کە) ئایەتەکانی ئەم قورئانە وەنەبێ لەڕێگەی شەیتانەکانەوە ڕەوانەکرابێت.

وَمَا يَنبَغِي لَهُمْ وَمَا يَسْتَطِيعُونَ (211)

شتی وا بەوان ناکرێت، وە هەرگیز ناتوانن بەکاری وا هەستن.

إِنَّهُمْ عَنِ السَّمْعِ لَمَعْزُولُونَ (212)

ئەو (شەیتانانە) لە گوێگرتن و بیستنی (فەرمانەکانی خوا کە ڕادەگەیەنرێ بە فریشتەکان) دوورو بەرکەنارن.

فَلَا تَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ فَتَكُونَ مِنَ الْمُعَذَّبِينَ (213)

(ئەی ئیماندار) لەگەڵ خوادا هاناو هاوار بۆ (بەناو خوایەکی تر) مەبە، چونکە تووشی سزاو ئازار دەبیت.

وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ (214)

سەرەتا عەشرەت و تایەفەو کەسوکاری نزیکت بێدار بکەرەوە.

وَاخْفِضْ جَنَاحَكَ لِمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (215)

باڵی (بەزەیی و میهرەبانیی) خۆت نەوی بکە بۆ ئەو ئیماندارانەی کە شوێنت کەوتوون.

فَإِنْ عَصَوْكَ فَقُلْ إِنِّي بَرِيءٌ مِّمَّا تَعْمَلُونَ (216)

ئەگەر (خوانەناسان) یاخی بوون و سەرپێچییان لێکردیت، ئەوە پێیان بڵێ: کە بەڕاستی من بەریم لە هەموو کارو کدەوەی (ناڕەواتان).

وَتَوَكَّلْ عَلَى الْعَزِيزِ الرَّحِيمِ (217)

(ئەی محمد صلى الله عليه وسلم، ئەی ئیماندار) پشت بە خوای باڵادەست (بەسەر ستەمکاراندا) وە میهرەبان (بە ئیمانداران) ببەستە.

الَّذِي يَرَاكَ حِينَ تَقُومُ (218)

ئەو زاتەی کە دەتبینێ کاتێ هەڵدەستیت (لە شەوگارداو) دەیپەرستیت.

وَتَقَلُّبَكَ فِي السَّاجِدِينَ (219)

ئەو زاتە تۆ دەبینێت کە چۆن لە ڕیزی سوژدەبەراندا هەڵس و کەوت دەکەیت.

إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (220)

بەڕاستی ئەو خوایە زاتێکی بیسەرو زانایە (بە گوفتارو نیەتتان).

هَلْ أُنَبِّئُكُمْ عَلَى مَن تَنَزَّلُ الشَّيَاطِينُ (221)

ئایا پێتان بڵێم کە شەیتانەکان دادەبەزنە سەر کێ؟

تَنَزَّلُ عَلَى كُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ (222)

دادەبەزنە سەر کەسانێکی بوختانچی و تاوانبارو گوناهکار.

يُلْقُونَ السَّمْعَ وَأَكْثَرُهُمْ كَاذِبُونَ (223)

(جادووگەران) گوێ بۆ شەیتانەکان دەگرن و زۆربەشیان درۆزنن.

وَالشُّعَرَاء يَتَّبِعُهُمُ الْغَاوُونَ (224)

سەرگەردان و سەرلێشێواوەکانیش شوێنی شاعیران دەکەون.

أَلَمْ تَرَ أَنَّهُمْ فِي كُلِّ وَادٍ يَهِيمُونَ (225)

ئایا نابینی کە ئەوانە لە هەموو دۆڵێکدا سەرهەڵدەدەن و لەهەموو شتێک دەدوێن.

وَأَنَّهُمْ يَقُولُونَ مَا لَا يَفْعَلُونَ (226)

ئەوانە شتێك دەڵێن و بەكردەوە نایكەن (كردارو گوفتاریان دوورە لە یەكەوە).

إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَذَكَرُوا اللَّهَ كَثِيرًا وَانتَصَرُوا مِن بَعْدِ مَا ظُلِمُوا وَسَيَعْلَمُ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَيَّ مُنقَلَبٍ يَنقَلِبُونَ (227)

جگە لەوانەیان كە باوەڕیان هێناوەو كاروكردەوەی چاك ئەنجام دەدەن و یادی خوا زۆر دەكەن، (وە بەو توانای یەی كە هەیانە) پشتیوانی لە ئیمانداران دەكەن كاتێك كە ستەمێكیان لێبكرێت، سەرئەنجام ئەوانەی ستەمكارن دەزانن كە چۆن ژێرەو ژوور دەبن و تیادەچن.